# نووسینی پێوەریانەی فۆنیمە بڕگەییەکان

**محەمەد مەحوی**[I]

پرۆفێسۆری زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۵ خرداد ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۲۱ شهریور ۱۳۹۸؛ صص ۱۵۹-۱۷۵

**چکیده**

عناصر گویش کرمانجی میانی در هم تنیده و چسبیده و به صورت عمده واج‌های وابسته و واج‌های واژگون هستند؛ همچنین واژه‌های چندگونه در حالت‌های مختلف نیز از جمله عناصر این گویش به شمار می‌رود. ترکیب ساختارهای دستوری، وابستگی جمله را به کلمه و عبارت کامل و فعل مرکب و ساختار مرکب قطعی کرده است. علاوه بر این، دو ساختار ساختواژی و نحوی که با هم ترکیب شدند، هنوز هم در شیوه‌ی قواعد و اصول با هم تفاوت دارند. در این تفاوت است که قاعده‌ی تقسیم متممی و قاعده‌ی برابری (در تقابل با یکدیگر) حکم به تلفظ واج‌ها (واج‌های هجایی عمده و غیرهجایی واکه و همخوان) می‌کند. رسم‌الخط معیار واجی است، اما از خروجی پیش‌فعل و پدیده‌های متنوع هم برای نوشتن بهره گرفته می‌شود. به همین دلیل رسم‌الخط معیار کردی انعکاس دستور زبان آن زبان است، یعنی کسی که بخواهد مطابق کردی معیار بنویسد، لازم است الگوی زبانی آن را درک کند و با دستور زبان آن آشنایی داشته باشد.

**واژگان کلیدی:** واکه، واج، گوناگونی، واژه، جمله

**کورتە**

توخمەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست تێئاخنراو و لکاون کە بە شێوەیەکی سەرەکیی مۆرفێمە ناسەربەخۆ و مۆرفێمە لە وشەـچووەکانن، ئەوانەی وشە فرەـچەشنەکان لە دروستە جۆراوجۆرەکاندا. تێکەڵبوونی پێکهاتەکانی ڕێزمانەکەی هەبوونی ڕستەی بە وشە و فرێزی تەواوە و کرداری ئاڵۆز و پێکهاتووی ئاڵۆزی تری لە جۆری جیاواز مسۆگەر کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو دوو پێکهاتەیەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی تێکەڵ بە یەکتر بوون، بنەما و ڕێساکان هێشتا هەر جیاوازیی لە دروستە، توخم و پێکهاتووەکانیاندا دەکەن. لەم جیاکارییەدایە کە ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە و ڕێسای هەمبەریی (بەرامبەر بەیەك وەستانەوە) تەحەکوم بە دەربڕینی فۆنیمەکان (بڕگەییەکانی سەرەوە و نابڕگەییە دەنگدار و کپەکان)ەوە دەکات. نووسینی پێوەریانە فۆنیمییە، بەڵام دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان و دیاردە فرەـچەشنەکانیش بۆ نووسین وەردەگیردرێن. لەبەر ئەم ڕاستیانە و هۆکاری تریشە، کە ڕێنووسی ستانداری کوردی وێنەدانەوەی ڕێزمانەکەیەتی. واتە، ئەو کەسەی دەیەوێت بە کوردیی پێوەر بنووسێت، پێویستە لە مۆدێلی زمانەکەی بگات و شارەزای ڕێزمانەکەی بێت.

**وشە سەرەکییەکان:** فۆنیم، مۆرفێم، فرەچەشنی، نووسینی پێوەری

I **hamasaeed2012@hotmail.com**

## ۱- پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە پرۆژەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و تەرخانکراوە بۆ دیاریکردن و چەسپاندنی چەشنی نووسینی ستانداردی بڕگەییەکان، کە جۆراوجۆر دەردەکەون و دەکەونە ڕوو. لە بەشی یەکەمدا زانیاریی پێویستی وەك تایبەتمەندیی و ئەدگاری زارەکە لە چێوەی مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا پێشکەشکراون. لەگەڵیدا ڕوونکردنەوەیەکی بەرایی پێڕەوەی فۆنیمەکان هێنراوەتەوە. بەشی دووهەمی شیکردنەوە و توێژینەوەکان لەسەر بڕگەیی گرژ و خاو لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا جێبەجێ کراون. لە بەشی سێهەمدا، وەك تەواوکەرێکی بەشی دووهەم، گفتوگۆکان لەسەر بڕگەییەکانی لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا. تەنها هەندێك پێکهاتووی سینتاکسیی وەك فرێزی خستنەپاڵ، کرداری شکاوە و کرداربەندیی بۆ بەشی سێهەم هەڵاوێکراون. هەرچەندە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەوانەی دوای ئەمیش لە سەر بەستانداردکردنی زمانی کوردی، دەروازەی یەکەمی پرۆژەی بەستانداردکردنەکە *مەنامە* (۲۰۱٦) دەبن، بەڵام هەوڵەکان بۆ ئەوەن تا وەکوو دەکرێت ڕێزمانە کوردییەکە ساکارتر و ئاسانتر بە دەستەوە بدرێت و بخرێتە ڕوو.

ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە و لە ناویدا بەراوردکاریی نێوان چەشنەکانی وشەکان لە ناو خۆیاندا (وشە بنەڕەتیی و مۆرفۆلۆژییەکان) لەگەڵ پێکهاتووە سینتاکسیەکان گیراوەتە بەر. واتا، هەوڵە زانستییەکە لە چێوەی قوتابخانەی گواستنەوە و بەرهەمهێناندا و بە تیۆریی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی بە ئەنجام گەیەنداوە. لە زمانی نووسینی ئەم کارە زانستییەدا پەیڕەوی نووسینی ستانداردی مەنامە کراوە.

## ۲- مۆدێلی ڕێزمانی کوردی: بنەما و ڕێسا

توخمەکانی ئەم زارە سەرەکییە تێئاخنراو و لکاوە[1] بە شێوەیەکی سەرەکی مۆرفێمە ناسەربەخۆ ـ لکاوەکان و مۆرفێمە لە وشەـچووەکان (ڕەگی کردارەکان)ن، ئەوجا ئەوانەی وشە فرەچەشنەکان لە دروست جۆراوجۆرەکاندا. ئەمە و تێکەڵبوونی پێکهاتەکانی ڕێزمان (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) (مەحویی، ۲۰۰۹) هەبوونی ڕستەی بە وشە و فرێزی تەواوەوە و کرداری ئاڵۆز[2] و پێکهاتووی ئاڵۆزی[3] تری لە جۆری جیاواز (مەحویی، ۲۰۰۱) مسۆگەرکردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو دوو

---

[1] Incorporated and Agglutinated Language.

[2] Morphosyntax.

[3] Complex Constructions.

پێکهاتەیەی تێکەڵ بە یەکتر بوون، بنەما و ڕێساکان هێشتا هەر جیاوازیی لە دروستە[1] ، توخم[2] و پێکهاتووەکانیاندا دەکەن. لەم جیاکارییەدایە کە ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە[3] و ڕێسای هەمبەریی (بەرامبەر بە یەکوەستانەوە) تەحەکوم بە دەربڕینی فۆنیمەکان (بڕگەییەکانی سەرەوە و نابڕگەییە دەنگدار و کپەکان)ەوە دەکات. نووسینی ستاندارد فۆنیمییە، بەڵام دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان و دیاردە فرە چەشنەکانیش (Kiparsky, 1981) بۆ نووسین وەردەگیردرێن. لەبەر ئەم ڕاستییانە و هۆکاری تریشە کە ئۆرسۆگرافیی وێنەدانەوەی ڕێزمانی کوردییە. واتا، ئەو کەسەی دەیەوێت بە ستانداردی کوردی بنووسێت، پێویستە بە ئاگا بێت لە مۆدێلی زمانەکەی (مەحویی و هومەر، ٢٠٠٥)، تێبیگات و شارەزای ڕێزمانەکەی بێت: فەرهەنگ، مۆرفۆلۆژی، دروستکردنی وشە، پێکهێنانی ناوی کردارییی باری بکەرنادیار، سینتاکس (و مۆرفۆسینتاکس)، فۆڕمی لۆژیکی (سێمانتیك) و فۆڕمی فۆنەیتیکی (دەنگ).

یەکهەم بنەما کە بنەمای دوپەلکییە و دووهەم ڕێساکانن:

١- ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە؛

٢- ڕێسای هەمبەریی دروستەی مۆرفۆلۆژیی هەمبەر بەوەی سینتاکسیی؛

٣- لە ناو مۆرفۆلۆژییدا وشەی مۆرفۆلۆژی (لێکدراو و هەڵگوێزراو) و ئەوەی وشەی بنەڕەتی، کرداری تێپەڕ، کرداری تێنەپەڕ؛

٤- لە ناو سینتاکسیشدا ڕستەی نا_ئەرگەتیڤی و ئەوەی ڕستەی ئەرگەتێڤی، ڕستە و کرداری بکەردیار و ئەوانەی بکەرنادیار، ناوی کردارییی و ئەوەی کرداری شکاوە، کرداری شکاوەی تەواو و ئەوەی کۆپولاو ڕستە بە وشە و فرێزی تەواوەوە و ئەوەی کرداری ئاڵۆز.

بڕگەییەکانی /ا، ە، ۆ، یَ، وێ/ [a, W, o e, ê] ناوابەستە لە هەموو چەشنە بڕگەیەکی کراوە CV، داخراوی ساکار CVC و ئاڵۆز CVCC دا دێن، بەڵام بڕگەییەکانی سەرەوە لە دوو جۆر دابەشبووندان: بڕگەیی گرژەکانییان (کورتەکانییان /و، ی/ [i, u]) سنووردار لە وشەی یەك_بڕگەیی بڕگە کراوەدا دێن و بە گشتیی لە بڕگەی داخراوی ساکار و ئاڵۆز و لە بڕگەکانی ناوەوەی وشەدا دێن، بەڵام خاوەکانییان (درێژەکانییان /وو، یی/ [:i:, u]) لە بڕگەی کراوە و داخراوی ساکار و لە بڕگەی کۆتایی وشەدا دێن (مەحویی، ٢٠٠٩). بڕگەیی خاو گۆڕینۆکە[4] (/نوسیین/ <نووسییم> ~ <دەنوسم>)، بەڵام بڕگەییە گرژەکانی هەمبەریان تا ڕادەیەکی زۆر

---

[1] Structure.

[2] Elements.

[3] complementary distribution.

[4] Variable.

چەسپاو و نەگۆڕن (/نوستن/ <نوستم> ~ <دەنووم>). بزانە، کە بڕگەییەکانی سەرەوە لە کرداری شکاوەدا جیاواز ڕفتار دەکات وەك لە ناو وشە و وشەی مۆرفۆلۆژییدا (مەحویی، ٢٠١٦).

بڕگەیی و هێز: بڕگەیی خاو و هێز بە یەکەوە دێن (بڕگەیی خاو هێز لەسەرە). ئەگەر هێز لە سەر بڕگەیی گرژ لاببرێت، تێیدادەچێت (/قوتوو/ <قوتوو> ~ <قتوو>، /گوڵینکە/ <گوڵینکە> ~ <گوڵنکە>)، بەڵام ئەگەر لە سەر بڕگەیی خاو نەمێنێت، گرژ دەبێت (/شیریین_یی/ <شیرینیی> ~ شیرنیی). بڕگەیی خاوی سەرەوە لە بڕگەی هێز_لەسەری بڕگەی کراوە /دوو/، /سیی/ و داخراوی ساکار /دوور/، /سوور/ دا دێن: بڕگەییە گرژەکانیان لە بڕگەی داخراوی ساکار /کون/ و ئاڵۆزی بە بێ هێز /کورد/ دا دێن. هەموو وشەیەکی یەك بڕگەیی هێز لەسەرە، بەڵام وشەی یەكبڕگەیی هەن کە بڕگەییەکانییان گرژە و هێزێکی لاوازیان هەیە (/کون/ <کون>، /گوڵ/ <گوڵ>). دەشێت هێزی وشەی یەكبڕگەیی بڕگە کراوە کەم دەکرێت و بڕگەییەکەی گرژ دەرببڕدرێت (/فوو/ <فوو> ~ فو، /بیی/ <بیی> ~ بی). بڕگەیی خاوی وشەی یەكبڕگەیی داخراوی ساکار ناتوانرێت گرژ بەرجەستە بکرێت، چونکە هێزەکەی لانابرێت و کەمیش ناکرێتەوە (/دوور/ <دوور> ~ *دور، /شیین/ <شیین> ~ *شین). بە پێچەوانەی ئەو دیاردەیەی پێشترەوە، زۆر جار لە وشەیەکی وشەی یەكبڕگەیی بڕگە داخراوی ساکار و ئاڵۆزدا دەبێتەهۆی کەوتنی بڕگەییە گرژەکە (/بوست/ <بوست> ~ <بست>، /بیست/ <بیست>). لە وشەی بنەڕەتییدا، کە تێیدا جووتنابڕگەیی هەن، بڕگەیی گرژی هێز لەسەر سەرەتایاندایە و بە بێ هێزەکەیان لە دواوەوەیاندا دێن (/کوللە/ <کوللە>، /زیللەت/ <زیللەت>).

بڕگەییەکانی تر (/ا، ە، ۆ، ێ، وێ/ لە هەموو چەشنەکانی بڕگەدا (کراوە، داخراوی ساکار و ئاڵۆز) دێن. ئەم بڕگەییانە ئەڵتەرناسیۆن لەگەڵ یەکترییدا ئەڵتەرناسیۆن نیشاندەدەن (/جێژن/ <جێژن> ~ <جەژن>، /ناو/ <ناو> ~ نێو، /یۆنان/ <یۆنان> ~ <وێنان>، هاتمەوە <هاتەوە> ~ هاتمۆ، وەرەوە <وەرەوە!> ~ بێرۆ <بێرۆ!>). هاتن و دەرکەوتنی بڕگەییە ساردەکە (بزرۆکە) تەواو ئەوتۆماتیکیی و پێشبینیلێکراوە، بۆیە دەنگێکی فۆنەیتکییەو سەر بە پێرەوی فۆنیمەکانی ستانداردی کوردیی نییە. لەبەر ئەوە لە هەر جێکەوتەیەکی ناو وشەدا دەوروبەری هاتنی هەبێت، دەردەکەوێت و دەتوانێت هێزیش وەربگرێت (/پرد/ <پرد> [pIrd]، /چادر/ <چادر> [tSa . dIr]) (مەحویی، ٢٠٠٩). پۆلەڕەگەزی سەرەکیی فەرهەنگیی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار هێزکۆتاییە (/باران/ <باران>، /کەڕوو/ <کەڕوو>، /ڕاوکە/ <ڕاوکە>) : پۆلەڕەگەزی ناسەرەکیی هێزسەرەتاییە (/چونکوم/ <چونکوم>، /وەکو/ <وەکو>، /هێشتا/ <هێشتا>، /هەمو/ <هەمو> ~ هەموو).

پێشگر هێزی سەرەکیی وەرناگرێت، پاشگر هێزی سەرەکیی وەردەگرێت. پاشگری هێزی بڕگەیی بناغەکەی کەم دەکاتەوە (/شیریین_یی/ <شیرینیی> ~ شیرنیی): پاشگری دانسقە

هەیە، هێز بە بڕگەیی بناغکەی دەدات (/گوپ_ن/ <گووپن>). بڕگەی وشەی یەکهەمی لێکدراو، بە بێ هێز و گرژە (/سوروسپیی/ <سوروسپیی>): ئەوەی پێکهاتووە سینتاکسیەکەی هێز لەسەر و خاوە (سوور و سپیی <سوورو سپیی>). دوو جۆر کرداری /بوون/ ی کردەیی (<بوو بە مامۆستا>) و /بون/ ی حاڵەتیی (<مامۆستا بو>) هەن. هاتن و دەرکەوتنی بڕگەییەکانی سەرەوە لە بڕگەکانی وشەی فرەبڕگەییدا:

بە گشتی بڕگەی خاو لە بڕگەی کۆتاییدا دێت و بڕگەی گرژ لە بڕگەکانی سەرەتا و ناوەوەی وشەی بنەڕەتییدا (/ئوتوو/ <ئوتوو>، /پەموو/ <پەموو>، /پەتیی/ <پەتیی>: /گوناح/ <گوناح>، /بیچم/ <بیچم>). بڕگەی خاوی هێز لەسەری بڕگەی کۆتایی دەتوانرێت گرژ دەرببڕدرێت، ئەگەر هێزەکەی لاببرێت (/پەموو/ <پەموو> ~ پەمو، /پەریی/ <پەیری> ~ پەری> /ئارەزوو/ <ئارەزوو> ~ ئارەزو، /فەرەنجیی/ <فەرەنجیی> ~ فەرەنجی). بڕگەییە خاوەکانی سەرەتا و ناوەوەی ڕاستەوخۆ پێش بڕگەیی /ە/ و [I] هێز لەسەرن و دەتوانرێت سەرپشکیی هێزلاواز و گرژ بەرجەستەبکرێن، ئەگەر یەك نابڕگەیی لە دوایانەو بێت (/جووڵە/ <جووڵە> ~ جوڵە، /سییتەك/ <سییتەك> ~ سیتەك، /لییخن/ <لییخن> ~ لیخن، /جوولەکە/ <جوولەکە> ~ جولەکە، /سیینەمەکیی/ <سیینەمەکیی> ~ سینەمەکیی). ناوازەی وەك /قوژبن/ <قوژبن> ~ *قووژبنیش هەن. ئەم دیاردەیەیان لە هەندێك وشەدا بەسەر بڕگەیی /وو/ ی پێش بڕگەیی /ا/ دا دێت (/کووتاڵ/ <کووتاڵ> ~ کوتاڵ). لەم پێواژۆیەیشدا جیاوازیی نێوان بڕگەیی /یی/ لەگەڵ /وو/ دا تێبینی دەکرێت. تێبینیی ئەوە بکە کە دەرکردەی هەر دوو دیاردەکە لەگەڵا دابەشبوونی تەواوکەرانەی بڕگەییە خاو و گرژەکان لە بڕگەی کۆتایی و بڕگەی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەییدا یەکدەگرێتەوە. بۆیە هەر دوو جۆر نووسینەکە ئاسایین و ئەوەی سەرەتاییشیان پەسەندترە (<پەموو>، <پەریی>، <ئارەزوو>، <جوولەکە>، <کووتاڵ>، <جووڵە>، <جووڵانەوە>، <جووزەلە>). دیارە، کە وشە بە بڕگەیی گرژی سەرەتا و ناوەوەی هەن و ڕێگە بە ئەڵتەرناسیۆنەکە نادن (/کولانەوە/ <کولانەوە> ~ *<کوولانەوە>)، واتە ئەم دیاردەیە لەم قۆناغی گەشەکردنەی زمانە ستانداردەکەدا تەنها بۆ بڕگەییە خاوەکانیان دەخوات.

## ٢-١- پێڕەوی فۆنیمەکان

تەنها بڕگەییەکان (ڤاوڵەکان) لە ستانداردی کوردیدا (کرمانجیی ناوەڕاست) بڕگە دروست دەکەن، بۆیە ناوی برگەییەکانییان لێنراوە. هەمبەر بەمان خشپەدەکان[1] و زرنگ دەرەوەییەکان[2]

[1] Obstruents.

[2] Sonorances.

له سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دێن و دەردەکەون. زمانەکە هەر وەك ئاماژەی پێدرا، بە گشتی بە بنەمای دووپەلکی و ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە کار دەکات (مەحویی، ۲۰۰۹). بڕگەی گرژی /و/ و /ی/ لە گچکەترین جووتدا دەرناکەون (/کوڕ/ : */کیڕ/)، لەگەڵ ئەوەیشدا سەر بە پێڕەوی فۆنیمەکانی ستانداردی کوردین. بڕگەی خاوی /وو، یی/ فۆنیمی واتاجیاکەرەوەی وشەدروستکەرن (/سوور/ : /سییر/). تەواوی بڕگەییەکان دەتوانن هێز وەربگرن، بەڵام تەنها بڕگەییە خاوەکانی سەرەوە و هێز بەیەکەوە دێن. واتە لە کوێدا ئەمانە خاو دەبیسترێن، لە وێدا هێزێکیش (سەرەکی یان لاوەکی) ئامادەیە. لەبەر ئەو دوو هۆیەیە، کە پێویستە بڕگەییە خاوە دەربڕدراوەکان وەك خۆیان بکرێن بە نووسین.

ئاماژە بەوە درا کە بڕگەییەکانی سەرەوە خاو /وو، یی/ و گرژیان /و، ی/ هەیە. خاوەکانییان لە بڕگەی کراوە (/دوو، سیی/) و داخراوی ساکاردا (/دوور، سییر/) دێن و گرژەکانییان لە بڕگەی داخراوی ساکار و ئاڵۆزدا (/کون/، /توند، بیست/). بڕگەییە خاوەکان هێزێکی تەواویان لەسەرە و گرژەکانییان هێزێکی لاواز. بڕگەی خاوی پێشەوە /یی/ و گرژەکەی /ی/ لە گچکەترین جووتدا نابینرێنەوە، بەڵام بڕگەکانی ناوەوەی وشەدا زۆرن (/گیرفان، زیندو/).

*۲-۱-۱- /کووور/ : /کوڕ/، /دووربیین/ : /دوربیین/*

بڕگەییەکانی تر (/ا، ە، ۆ، ێ، وێ، وی/) لە هەموو چەشنەکانی بڕگەی کراوە و داخراودا لە بڕگەی بە بێ هێز و هێزداردا دێن، لەبەر ئەوە کێشەیەك لە جۆری دەربڕین و چەشنی نووسینییاندا نییە. گرفتەکان هاتن، دەرکەوتن و نووسینی بڕگەییە خاو و گرژەکانی سەرەوە دروستی دەکەن. ئەمەیش لەبەر ئەوەی وابەستەی چەشنی بڕگە، ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی هێز و بڕگەی کۆتایی و ئەوانەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی فرەبڕگەیین. دیارە وشەی مۆرفۆلۆژیش کاریگەریی لە دابەشبوونەکە و دەربڕینییاندا هەیە (Mayerthale، ۱۹۷٤؛ Kiparsky، ۱۹۸۰ و ۱۹۸۱ و ۱۹۸۲).

نووسینی ستاندار فۆنیمییە و دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژیەکانیش دەکرێن بە نووسین. لەگەڵ ئەوەیشدا ژمارەیەکی زۆر دیاردەی دەنگی هەن، کە لەبەر فرەجۆرییان دەکرێن بە نووسین (بە نیمچەنابڕگەیی_بوون، هەڵتۆقینی نیمچەنابڕگەیی). لەبری پشتبەستن بە پێشبینیکردن، لێکۆڵەر بەرجەستەکردن و بەرجەستەکراو بۆ نووسین بە پەسەندتر دەزانێت: بۆ نموونە هەم لە کۆتایی وشە و فرێزیشدا بڕگەیی خاو گرژ هەن و هەم لە سەرەتا و ناوەوەیاندا. پاشگر لە کۆتاییدایە و لەباری ئاساییدا بڕگەی کۆتاییش هێز لەسەرە. لەبەر ئەوە بڕگەییەکەی خاوە و ئەگەر لەوانەی سەرەوە بێت، پێویستە بە پیتەکانی خاوەکەیان بنووسرێت (<کاری دەستی گرانە، ئەگەر دەستی

دوویش بێت.>. خۆ پاشگریش هەن هێز بە بناغەکانیان دەدەن و زۆریشیان هێزی لێدەسەنن. پاش ئەوەی نموونە بۆ وشەی مۆرفۆلۆژیی و فرێزەکان دەهێنینەوە، هۆشی خۆمان لە حاڵەتە کێشاوییەکان کۆ دەکەینەوە:

خشتەی (١) دروستەی ناوکیی بڕگە (C(C)V(C(C)) و چەشنەکانی

CV   CVV   CCVV   CVVC   CVC   CVVCC   CCVVC   CCVVCC   CCVCC

دروست   بلوور   کوڕ   کووڕ   گڕوو   فوو

بریین   سییر   کڕیی   سیی

خشتەکە هاتن و دەرکەوتنی بڕگەیی خاو و گرژی سەرەوە لە چەشنەکانی بڕگەی وشەی بنەڕەتییدا نیشان دەدات. (ا) بڕگەی خاو لەپێش دوو نابڕگەییەوە نایەت (٤). (ب) بڕگەی گرژ لە بڕگەی کراوەی وشەی یەكبڕگەییدا نادۆزرێتەوە (٢). (پ) بڕگەی گرژیی /ی/ لە وشەی یەكبڕگەیی داخراوی ساکاردا نایەت (٣-أ).
یەکهەم ئەنجام:

أ. بڕگەی خاو لە بڕگەی کراوە و داخراوی ساکاری وشەی یەكبڕگەییدا دێن (١_٢)
.ب. بڕگەی گرژ لە بڕگەی داخراوی ساکار و ئاڵۆزی وشەی یەكبڕگەییدا دێن.

١- /توو/ <توو> ~ تو، /بیی/ <بیی> ~ بی
٢- /توور/ <توور> ~ *تور، /تییر/ <تییر> ~ *تیر
٣- أ. /کون/ <کون> ~ *کوون، */بیس/
٣- ب. /کورد/ <کورد>، /بیست/ <بیست>
٤- */کoورد/، */بییست/

*****

خشتەی (٢) هاتنی بڕگەی خاو و گرژ لە وشەی فرەبڕگەیی بنەڕەتییدا

CVCVC   CVCC   CVCCVC   CVCV:C   CV:CCVC   CV:CVC   CVCV:C
:CVCV

پەموو   تەنوور   کووتاڵ   جووتیار   گوناح   گوللە   نوستن   گیران
سوتوو   خەزوور   کووزەڵە   گوتار   خورما   شوشتن   کرانەوە
پەریی   نەسریین   تییمار   چونوور   بیستن   **بیستران
سییسرك   قیتار   زیندان   بینیین   **بینران

چییکەنە    پەڕینەوە    گورووون    **گورران

سییتەك    خوران    **خورێنران

نووقان    **نوقێنران

سووتان    **سوتێنران

برژان    **برژێنران

بڕگەی گرژ لە بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی دووبڕگەییدا:

أ. بڕگەی گرژ لە بڕگەی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەییدا دێت، ئەگەر ڕاستەوخۆ یەك یان دوو نابڕگەیی لە دوایەوە بێت (٥). بڕگەی خاو لە بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەدا دێت، ئەگەر یەك نابڕگەیی لە دوایەوە بێت و دیشتوانرێت سەرپشکیی گرژ بەرجەستەبکرێت (٧).

١- /ئوتوو/ ، /گوناح/، /تینوو/، /گورووون/

٢- /سورمە/، /خونچە/، /کورتان/، /چیلکە/، /زیپکە/

٣- أ. /نووکە/ <نووکە> ~ <نوکە>، /سیینە/ <سیینە> ~ <سینە>،

٣- ب. /توونن/ <تووتن>، /لیبخن/ <لیبخن>، /سییخن/ <سییخن>،

٣- پ. /زووخاڵ/ <زووخاڵ> ~ <زوخاڵ>.

دووهەم ئەنجام: ئەنجامی (١-٤) لەگەڵ (٧-٥):

أ. یەکهەم ئەنجام بۆ بڕگەی ناوەوەی وشەی دووبڕگەییش هەر کاریگەرە.

ب. بە شێوەیەکی سەرەکی، جێکەوتەی بڕگەیی خاو بڕگەی کۆتایی وشەی فرەبڕگەییە و جێکەوتەی بڕگەیی گرژ بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی فرە بڕگەییە. (٨) و (٩) دابەشبوونەکە دەسەلمێنن.

پ. بڕگەییە خاوەکانی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەیی لە پێش بڕگەییەکەوە دێن، کە بڕگەیی /ə/ (٧-أ) و بڕگەییە سادەکەی بە بزرۆکە ناسراوە (٧-ب) و هەندێك جاریش لە پێش /ا/ دەوەن (٧-پ).

ت. تەنها بڕگەیی خاوی بڕگەی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەیی دەتوانرێت سەرپشکیی گرژ بەرجەستەبکرێت.

*****

بڕگەیی سەرەوە لە بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی فرەبڕگەییدا

١- /کولانە/ <کولانەوە>، /گوندۆرە/ <گوندۆرە>،

٢- /کوولەکە/ <کوولەکە> ~ <کولەکە>/، /چیپکەنە/ <چیپکەنە> ~ <چیکەنە>

سێهەمین ئەنجام: بۆ بڕگەیی گرژ و خاوی بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەیش ئەنجامی دووهەم لە کار دایە.

## ٣- بڕگەیی گرژ و خاو لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا

لەگەڵ ئەوەیشدا کە بڕگەیی /بوون/ ی کردەیی خاوە و ئەوەی /بون/ ی حاڵەتیی گرژە و ئەویان هێزلەسەرە و ئەمیان بە بێ هێزە. بەڵام دەتوانرێت ئەو جیاوازییە بە ڕێزمانی ناوەکیی[1] لە دروستبوونی دوو ناوی کرداریی جیاوازدا دابنرێت (بەراوردی بکە لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی کۆی ناوی زمانی ئەڵمانییدا، کە تەنها بە گۆڕینی بڕگەیی پشتەوە بۆ پێشەوە (ئوملاوت Mutter : Mütter (دایك: دایکان) دەکرێت. ئەم چەشنە پێواژۆ مۆرفۆلۆژیەی وشەدروستکردن لە ڕێزمانی کوردییدا فرەچەشنە[2]:

لەبەر ئەوەی هەمبەری /وو/ ی کردەیی و /و/ ی حاڵەتیی پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییانەیە و لە کاتی شکانەوەیاندا هێز دەخرێتە سەر کردارە شکاوەکان، ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە دانانی هێز دەبێتە هۆی خاوکردنی /وو/ ی /بوون/ ی کردەیی. واتا، یەك /بون/ بۆ کردەیی و حاڵەتیی لە فەرهەنگدا نین، بەڵکوو دوو ناوی کرداریی جیا و سەربەخۆی /بوون/ و /بون/ هەن. بەم شیکردنەوەیە پشتگیریی بە هێزی هەبوونی فۆڕمەکانی خوارتریش دەکرێت:

/قفڵبوون/ (داخستن) <جادەکە قفڵبوو> (هێز لەسەر /بوون/ ەو /بون/ (حاڵەتیی) <ئەوەی کڕییم، قفڵ بو.> (هێز لەسەر /قفڵ/ ە).

ڕێزمانی ناوەکیی (ا) بە تێپەڕکردنی کرداری تێنەپەڕ، (ب) بەشداریکردن لە داڕشتنی کرداری بکەرنادیاری ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا، (پ) دوورخستنەوەی کاتی کرداری /بوون/ ی کرداریی بۆ ڕابوردووی پێشتر و (ت) داڕشتنی ئاوەڵکرداری شوێنیی /ناوان/ (دەور، دەوروبەر) هەمبەر بە /نێوان/ (بەین).

أ. /کەوتن/ : /خستن/، /هاتن/ : /هێنان/، <(ئەو) گیرا> : <(ئەو) دەگیرێت>

ب. ئەو نووستبوو، کە ئێمە گەیشتین.

ئەو مامۆستا بوو، کە ئێمە هێشتا دەمانخوێند. ~

ئەو دەمێك بوو مامۆستا بوو، کە ئێمە هێشتا ئێمە هەر دەمانخوێند.

---

[1] internal grammar.

[2] لە بەرگی دووهەمی *مۆرفۆلۆژیی* (٢٠٠٩) دا، ئەم بابەتە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

ئەو مامۆستا بوو. نەخێر، ئەو مامۆستا بوو (ئەو چیدیی مامۆستا نییە).

پ. کەس لەم ناوانەدا نەمێنێت!: کەس لە نێوانماندا نەماوە.

دەبێت بزانرێت کە بڵاوبوونەوەی فۆڕمێکی شێوەزارێکی وەك موکریی لە ناو شێوەزاری زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا ئەڵتەرناسیۆنێکی ئازادە، نەك پێواژۆیەکی ناوەکیانەی مۆرفۆلۆژیانە. ئەم وەرگرتنە لەو شێوەزارەوە بۆ ئەو دوو فۆڕمەی پێشتر و فۆڕمی تری لەو چەشنەیش تێکدەر دەبێت. کە واتە ناتوانرێت لەبری <ئەم ناوانە> فۆڕمی <ئەم نێوانە> بەکاربهێنرێت (/ناو/ ~ /نێو/، /ناوبانگ/ ~ /نێوبانگ/، /ناوزەدکردن/ ~ /نێوزەدکردن/).

نیمچەنابڕگەیی /و/ و نابڕگەییە لوتیەکەی /م/ بۆ ئاماژەدان بە کاتی ئێستا و داهاتوو لەگەڵ ڕابوردوودا بە کار دەهێنرێن، هەروەك چۆن /بەر/ و /دوا/ یش بۆ هەمان جیاوازیی سوودی لێدەبینرێت. هاوئۆڕگانیی /م/ و /و/ ڕێگە بە ئەڵتەرناسیۆنی /لەمەوبەر/ ~ /لەوەوبەر/ یان /لەمەودوا/ ~ /لەوەودوا/ یش دەدات.

ت. ئەمانەی ئێستا: ئەوانەی پێشتر

ئەمانەی لای خوارەوە: ئەوانەی لای سەرەوە

لەمەوبەر (پێشتر): لەمەودوا (داهاتوو) = بەر: دوا

دوو ساڵ لەمەوبەر ~ دوو ساڵ لەوەوبەر، لەمەودوا ~ لەوەودوا

## ۳-۱- تەرزی هێز لە وشەی لێکدراودا

واتای سادە و واتای لێکدراوبی (واتای فرەوشەیی) وشە لێکدراوەکان ڕێژەییە. بۆ ئەمەیش واتای وشەکانی /سەرچنار/ و /سەرتاشیین/ و /سەربڕیین/ لەگەڵ یەکتریدا بەراوردبکە! ئەم ڕێژەییەی واتا کاریگەریی لەسەر تەرزی هێز و جۆری دەربڕینی بڕگەییە خاو و گرژەکان نییە. بەراوردکردنی وشە لێکدراوەکانی (۱۰) لەگەڵ ڕستەکانی بەرامبەریاندا، نیشانی دەدات کە بڕگەیی خاوی وشەی بنەڕەتیی لە وشەی لێکدراودا بە یاسایەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیانە گرژ دەبێت. دەبێت لەبەر ئەوەی ڕەگی کردار مۆرفیمی لە وشەچووە، وشەی لێکدراو بە ڕەگی کردارەوە هەمان دیاردەی گرژبوون نیشان بدات (۱۲). لە وشەی لێکدراودا، بڕگەیی گرژی وشەی بنەڕەتیی خاو دەرنابڕدرێت، ئەگەر هێزیشی لەسەر بێت (۱۲-ب) و (۱۳). ئەگەر بڕگەیی /وو/ ی /دوور_کوژ/ لە وشە لێکدراوەکەدا خاویش دەربڕدرێت <دورکوژ> ~ دوورکوژ، ئەوا ئەمە بۆ ئەوە دەگڕێتەوە، کە بڕگەییەکە خۆی لە وشە بنەڕەتییەکەیدا خاوە و کە بە هێزخستنەسەری خاو بەرجەستەدەبێت. لەم بارەی کۆتاییاندا وەستان و پشویەك لەنێوان دوو سەگمێنتەکەی لێکدراوەکەدایە. فۆڕمە بنەڕەتییەکەی لێکدراوەکە، بەڵام دەبێت بە بێ وەستان و پشوو بێت. (۱۱) ەیش نموونەیەکە و

هەمان ڕوونکردنەوەی (١٢-أ) ی هەیە. کەواتە دەتوانرێت هێزێکی جەختخستنەسەر/بە هێز بخرێتە سەر وشەی یەکهەمی وشەی لێکدراویش و بڕگەییەکەی خاو دەرببڕدرێت <سورکردنەوە> ~ سوورکردنەوە، بەڵام ئەمیان بارێکی یاسابەندی جیایە لە بارە ئاساییەکەی، کە دەبێت گرژ بێت. یاسابەندیەکەی لەوەیشدا دەردەکەوێت کە هەموو وشە لێکدراوەکان ڕێگە بەم ئەڵتەرناسیۆنە نادەن (<پیرەمێرد> ~ *پییرەمیرد (بیشڕوانە /جوولەکە/ <جوولەکە> ~ جولەکە)، چونکوم هەلومەرجی ئەڵتەرناسیۆنەکەیان بۆ ئامادە نییە. وشەلێکدراوەکانی (١٤) وشە و فرێزی هەماندەنگیین و بە سەگمێنتی سینتاکسییەوەن. بەپێچەوانەی تەرزی هێزی وشەی لێکدراوەوە، تەرزی هێزی فرێزە خستنەپاڵەکەی ٣-١ە و ئەمەیش لە فرێزی خاوەنداریی <تووی مەلیك> ~ توی مەلیك دا ئاشکرا و ڕوونە (بزانە، کە وەستان و پشوویەکە مەنێوان دوو سەگمێنتەکەیدا هەن): بڕگەیی /توو/ هێزی دووهەمی لەسەرە و بڕگەی کۆتاییش /مەلیك/ هێزی یەکهەم، بەڵام لەبەر ئەوەی /ی/ مەلێك لە بنەڕەتدا گرژە، ناتوانرێت خاو بەرجەستەبکرێت. بڕگەیی گرژی ڕەگی کرداری ناوی کرداریی لە ناوی لێکدراوی کارادا خاو دەردەبڕدرێت، ئەگەر بڕگەکەی لە کۆتاییدا بێت و داخراوی ساکاریش بێت (١٢-پ). کە بڕگەیی وشەکانی /سوور/ و /سپیی/ خاون، فرێزی وەك سوور_ی تۆخ <سووری تۆخ> ~ سوری تۆخ و سپیی_ی سادە <سپیی سادە> ~ سپی سادە دەریدەخەن.

ناوی کرداریی فەرهەنگیی و ئەوەی پێکهێنراوەکە لەگەڵ کردارە شکاوەکانیاندا هەمان تەرزی ئەوانەی بکەردیاریان هەیە (١٠، أ-ب) و (١٠-پ). /سوور-کردنەوە/ <سورکردنەوە>:

<سوورمکردەوە> ~ <سووریدەکەمەوە>، <سوورکرایەوە> ~ <سووردەکرێتەوە>

بە گشتی هاتنی بڕگەییە گرژ و خاوەکانی سەرەوە پەیکاڵی دابەشبوونی تەواکەرانەیانە لەسەرەتا و ناوەوەی هێزلاوازی بڕگەی وشەدا هەمبەر بەوەی بڕگەی هێزلەسەری کۆتاییدا. تەرزی هێزی وشەی مۆرفۆلۆژییش جیاوازە لەوەی پێکهاتووی سینتاکسیی (/سەر_تاشیین/ <سەرتاشیین> : تاشیین_ی سەر <تاشیینی سەر> ~ تاشینی سەر). هەموو چەشنەکانی وشەی لێکدراو هێزکۆتایین و وشەی سەرەتاییش هێزێکی لەو جۆرەی لەسەر نییە، بڕگەییەکەی خاو بەرجەستە بکات (بڕوانە *مەنامە* (٢٠١٦، ٢١٨-٢٣٣). لەم ڕووەوە تەرزی هێزی وشەی لێکدراو لەوەی فرێزی، بۆ نموونە، خستنەپاڵ جیاوازە. ئەمە بۆ پێکەوەهاتووەکان بە دروستەی خستنەپاڵیشەوە هەمان چشتە. هەروەها لە ڕووی تەرزی هێزەوە کرداری لێکدراوی شکاوە و فرێزی خستنەپاڵ وەکیەکن (١-٣) و پێچەوانەی ئەوەی وشەی لێکدراون. پەیوەست بە وەستان و پشووەوە، بەڵام

فرێزکە هەیەتی کردارە شکاوەکە بە گشتی نییەتی. تەرزی هێزی وشەی لێکدراو لەگەڵ ئەوەی ئاوەڵفرێزەکانیاندا بەراورد بکە (بڕوانە (۳/۱).

بڕگەییەکانی سەرەوە لەپێش بڕگەیی /ە/ ەوە خاون (/کوولەکە/ <کوولەکە> ~ کولەکە)، بەڵام لە وشەی لێکدراودا و لە پێش هەمان بڕگەییەوە گرژە (۱۱_ب).

۱۰- أ. /سوور_کردنەوە/ <سورکردنەوە> : سور_م_کردنەوە <سوورمکردنەوە.>،

/سپیی_کردنەوە/ <سپیکردنەوە> : مەنجەڵەکەی سپیکردەوە <سپییکردەوە.>،

/سوور_هەڵگەڕان/ <سورهەڵگەڕان> : (ئەوان) سورهەڵگەڕا_ن <سوورهەڵگەڕان.>،

/شیی_کردنەوە/ <شیکردنەوە> : (من) شیی_م_کرد_ن_ەوە <شییمکردنەوە>،

/قیژقییژ_کردن/ <قیژەقیژکردن> : <(ئەوان) قییژەقییژدەکەن.>

/دەستیدەستی_پێکردن/ <دەستیدەستیپێکردن> ~ دەستیدەستییپێکردن :

(ئەوان) <دەستیدەستییمانپێدەکەن>،

/لەبیرچوون_ەوە/ <لەبیرچونەوە> : لەبیر_م_چووەوە <لەبییرچووەوە>

/تووڕە_بوون/ <تورەبوون> : (ئەوان) تورەبوون <تووڕەبوون>،

/کون_تێکردن/ <کونتێکردن> ~ *کوونتێکردن : *(ئەوان) کوونیانتێکرد

ب. /شیین_بونەوە/ <شیبنونەوە> : (پەنجەکانم) شیینبوونەوە <(پەنجەکانم) شیینبوونەوە>،

پ. /دوور_خستنەوە/ <دورخستنەوە> ~ *دوورخستنەوە

**/دوور_خرانەوە/ <دورخرانەوە> : ئەوان دورخرانەوە <(ئەوان) دوورخرانەوە.>

**/زیندانیی_کران/ <زیندانیکران> : (ئەوان) زیندانییکران <(ئەوان) زیندانییکران>

۱۱- أ. /لییتە_او/ <لیتاو> ~ لییتاو

ب. /پییر_ە_مێرد/ <پیرەمێر> (هەرچەندە /جوولەکە/ <جولەکە> ~ جوولەکە یش هەیە)

/دوور_ە_پەرێز/ <دورەپەرێز>، /سوور_ە_قەڵات/ <سورەقەڵات>،

/قییژە_قییژ/ <قیژەقییژ> ~ قییژەقییژ ، /شییر_ە_خۆرە/ <شیرەخۆرە> ~ شییرەخۆرە

/پییر_خەلیلە/ <پیرخەلییلە> ~ پییرخەلییلە، /گوڵ_ە_باخ/ <گوڵەباخ> ~ *گووڵەباخ

/کون_ە_پەپوو/ <کونەپەپوو> ~ *کوونەپەپوو

پ. /سووك_و_سۆڵ/ <سوکوسۆڵ> ~ *سووکوسۆڵ

۱۲- أ. /دوور_کوژ/ <دورکوژ> ~ دوورکوژ، _ب) /کون_بڕ/ <کونبڕ>، /پیاو_کوژ/ <پیاوکوژ>،

ب. /ڕوو_ڕەش/ <ڕورەش> ~ ڕوورەش، /سپیی_دار/ <سپیدار> ~ سپییدار

پ. /نوسیین/ <نوسیین> : /دەست_نوس/ <دەستنووس>، /ڕۆمان_نوس/ <ڕۆماننووس>.

١٣- /خەت_خەت/ <خەتخەت>، /کون_کون/ <کونکون>، /گوڵ_او/ <گوڵاو>،

أ. /شەقام_ی_سالم/ <شەقامی سالم>،

/تووـی مەلیك/ <توی مەلیك> : تووـی مەلیك <تووی مەلیك>،

قاسپەـی کەو <قاسپەی کەو>،

ب. /گرد_ە_بڕدراو_ە کە/ <گردەبڕدراوەکە>،

پ. /دوور_و_درێژ/ <دورودرێژ> : دوورـو_درێژ <دوورو درێژ>،

ت. /دوو_زمان/ <دوزمان> : دوو زمان <دوو زمان>، /دوو_قات/ <دوقات> : دوو قات <دوو قات> (<خانوەکە دوقاتە.> : <خانوەکە دوو قاتە>)، /دوو_ڕوو/ <دوڕوو> : دوو ڕوو <دوو ڕوو> (<خانوەکە دوو ڕووی هەیە.>)،

ج. /چیین_چیین/ <چینچیین> : چیین چیین <چیین چیین>.

چوارەمین ئەنجام: (ا) بڕگەیی خاوی وشەی بنەڕەتی لە وشەی لێکدراوادا گۆڕینۆکە (گرژ بەرجەستە دەبێت) و بڕگەییە گرژەکان نەگۆڕن. (ب) دابەشبوون و دەرکەوتنی بڕگەییە خاو و گرژەکانی سەرەوە لە وشەی لێکدراوادا هەر بە پێی خاڵەکانی یەکەمین ئەنجامن. پێنجەمین ئەنجام: (ا) بڕگەیی سەگمێنتی یەکەمی ناوی کرداریی لێکدراو گرژە و ئەمەیش پەیکاڵی چوارەمین ئەنجامە. (ب) تەرزی هێزی ناوی کرداریی ئەوەی کردارە شکاوەکەی هەمبەر بەیەك دەوەستنەوە (بڕگەیی بە بێ هێز گرژ: بڕگەیی هێزلەسەر و خاو)، واتە جیاوازن. (پ) ئەم ئەنجامە بۆ کرداری بکەردیار و بکەرنادیاریش هەر وەك خۆیەتی.

## ٣-٢- تەرزی هێز لە وشەی هەڵگوێزراو و وشەی فرەبەشدا

پێشگر هێزوەرنەگرە (١٥) و پاشگر هێزوەرگر. هێزی سەرەکیی ئەم وشە مۆرفۆلۆژیانە بەردەوام دەخرێتە سەر دواهەمین پاشگر. ژمارەیەك پاشگر هێزی بناغەکانیان کەمدەکەنەوە و لەگەڵیدا لە خاوێتیی بڕگەییەکانیان کەمدەکەنەوە. تەرزی هێزی ئەم وشە مۆرفۆلۆژیانە پەیکاڵی (٣_٢_١) ە (١٦). پاشگرەکان هێزی بڕگەیی بناغەکانیان کەم دەکەنەوە. بڕگەیی سەرەوەی ئەم پاشگرانە و هێز پێکەوەدێن، بۆیە هەمیشە خاون (١٧). بڕگەیی بناغەی ئەم دەرکردانە دەتوانرێت سەرپشکیی هێز بخرێتە سەریان و خاو بەرجەستە بکرێن. پێکهاتووی سینتاکسیی وەك کردارە شکاوەکەی ڕستەی <(ئەوان) چوونەوە.> هەمبەر بە ناوە کرداریەکەی /چونەوە/ یان کرداربەندیی

ڕستەی <تۆ سوکییت.> هەمبەر بە ئاوەڵناوی /سووك/ دەیسەپێنن بە سەرماندا نووسینی وشەکان وەك خۆیان جیاواز بن لەوانەی کردار سینتاکسییەکانیان. وشە لێکدراوەکەی /سووکایەتی پێکردن/ و کردارە شکاوەکەی ڕستەی <(ئەو) سووکایەتیی پێکردن> هەمان نووسین داوادەکەن. پاشگری /ـن/ هێز_وەرگرە و هێزێکیش بە بڕگەیی بناغەکەی دەدات (۱۸). هەرچەندە وشەی بنەڕەتیی وەك /تووتن/ <تووتن> و /سییخن/ <سییخن> ئاسایین، بەڵام وشەی ناوازەی وەك /قوژبن/ <قوژبن> یش هەیە. بەڵگە بۆ ئەم تەرزانەی هێزی وشەی مۆرفۆلۆژیی ئەوەیە، کە زۆربەیان وشەی بنەڕەتییان بەو چەشنی هێزانەوە، هەیە. وشە فرەلاگرییەکان، وشە لێکدراوە هەڵگوێزراوەکان، وشەی فرەسەگمێنتین و هەمان یاسای دابەشبوونی هێزەکانی سەرەوەیان هەیە (۱۹). لەم پێڕەوی فۆنۆلۆژییەدا، لەلایەکەوە بڕگەیی خاو و هێز لە کۆتایی وشەدایە و لەلایەکی تریشەوە هەم بڕگەیی خاو (/وو، یی/) و هەم بڕگەیی گرژ /و، ی/ دەتوانن لە زنجیرە بڕگەییدا ببن بە نیمچەنابڕگەیی وەك /و، ی/[y, w] بەرجەستە ببن.

۱۵- پێشگری هێزبێلایەن

أ. /نە_بوو/ ~ /نەبوو/، /نە_خۆش/ <نەخۆش>، /نا_شیریین/ ~ /ناشریین/، /نا_خۆش/ <ناخۆش>،

/بێگەرد/ <بێگەرد>، /بێ_کەس/<بێکەس>، /بەر_کەوتن/ <بەرکەوتن>،

ب. /لێ_دان/ <لێدان>، /پێ_دا_کێشان/ <پێداکێشان>، /تێ_کردن/ <تێکردن>،

پ. /هەڵ_کەندن/ <هەڵکەندن>، /ڕا_کردن/ <ڕاکردن>، /دا_کردن/ <داکردن>.

۱٦- پاشگری هێزوەرگری بێلایەن

/خانە_دان/ <خانەدان>، /کورد_ستان/ <کوردستان>، /بەیانیی_ان/ <بەیانیان>، /پۆش_اك/ <پۆشاك>، /ترس_ناك/ <ترسناك>، /دەم_ەوەر/ <دەمەوەر>، /جەنگ_اوەر/ <جەنگاوەر>، /قوت_ییلە/ <قوتییلە>، /چاك_ە/ <چاکە>، /جووت_ە/ <جووتە>، /خول_گە/ <خولگە>، /نوست_وو/ <نوستوو>، /گوشرا_وو/ <گوشراو>، /دروستکرا_وو/ <دروستکراو>.

۱۷- پاشگری هێزوەرگری هێزکەمکەرەوەی بناغە

/شییر_دەر/ <شیردەر>، /لووت_کە/ <لوتکە>، /ژیین_گە/ <ژینگە>، /سپیی_کەلە/ <سپیکەلە>، /سوود_مەند/ <سودمەند>، /سڕیین_ەوە/ <سڕینەوە>، /چوون_ەوە/ <چونەوە>، /جووت_یار/ <جوتیار>، /دیین_دار/ <دیندار>، /ژییر_یی/ <ژیریی>، /سووك_یی/ <سوکیی>، /پییر_انە/ <پیرانە>، /شیریین_یی/ <شیرینیی> ~ <شیرنیی>

/نابووت_یی/ <نابوتیی>، /لوتبەرز_یی/ <لوتبەرزیی>، /ئوتوو_چیی/ <ئوتوچیی>، /زییت_ەڵە/ <زیتەڵە>، /سوکایەتیی_پێکردن/ <سوکایەتیپێکردن>.

١٨- پاشگری هێز_وەرگری هێز_دەر بە بناغەکە

/گوپ_ن/ <گووپن>، /تووك_ن/ <تووکن>، /جییق_ن/ <جییقن>.

١٩- وشەی مۆرفۆلۆژیی فرە_سەگمێنتیی

أ. /لێبوون_ەوە/ <لێبونەوە>، /نامەرد_یی/ <نامەردیی>،
/بێدەستەڵات_یی/ <بێدەستەڵاتیی>، /سورکەلە_یی/ <سورکەلەیی>،

ب. /بەربووك_یی/ <بەربوکیی>، /سەرسییر_یی/ <سەرسیریی>.

هێزی سەرەکیی ناوی کرداریی، شێوەی وشە سەرەکییەکان لەسەر بڕگەی کۆتاییە، بەڵام ئەوەی کرداری شکاوە لە تافی ڕابوردوودا لەسەر بڕگەی یەکەمە، بۆیە بڕگەییەکەی خاوە (١٨_ب) و (١٩_ب). ئێستایش دەڕوانینە ئەم بەراوردکارییەی وشەی /دوو/ ی وشە لێکدراوەکەی /دودڵ/: (ا) بڕگەیی گرژ لە وشەی لێکدراوی هەڵگوێزراودا: /دودڵ_یی/ <دودڵیی>: زۆر دوودڵە لەم کارەی. (ب) بڕگەیی خاو لە فرێزە هاوبێژەکەی (ا) دا: مرۆڤی دوو دڵ نەبینراوە. (پ) بڕگەییە گرژەکە وشە لێکدراوەکە لە کرداربەندیدا: نپسێکی زۆر دوودڵیت. لەو تێبینییانەوە دەپەڕینەوە بۆ دەرکەوتنەکانی بڕگەییەکانی سەرەوە لە سینتاکسدا.

## ٤- بڕگەیی گرژ و خاو لە پێکهاتووی سینتاکسییدا

بڕگەییەکانی سەرەوە لە پێکهاتەی سینتاکسدا، واتە کاتێك ناوە کردارییەکانیان لەم پێکهاتەیەی ڕێزماندا دەشکێنرێنەوە[١]، تەواو جیاواز ڕەفتار دەکەن وەك لە لەیەکدانیان لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا. ئەمەیش جیاوازیی ئەو دوو پێکهاتەیە نیشان دەدات کە ڕژاونەتە ناو یەکەوە - تێکەڵبوونەکەیان تەواو پەیکاڵی مۆدێلە جیهانییەکەی ڕێزمان نییە. بڕگەیی گرژی ڕەگی کرداری ناوی کرداریی خاو بەرجەستە دەبێت لە کرداری شکاوەدا، ئەگەر بڕگەکەی کراوە و هێز لەسەر بێت (کرداری ڕانەبوردووی (١٨) کرداری ڕابوردووی (١٩)(٢٠). ئەم دیاردەیە لە ناوی لێکدراوی کارایشدا هەر بەم جۆرەیە (بڕوانە (١٢_پ)!). ناوی کرداریی هێزکۆتاییە[٢] و کرداری شکاوە لە تافی ڕابوردوودا هێزسەرەتاییە (initial-stress) و لە تافی ڕانەبوردوودا هێزکۆتاییە. بڕگەیی خاوی ڕەگی کرداریش لەهەمان دەوروبەردا هەر خاو دەمێنێتەوە (٢٠).

[1] Inflected.

[2] final-stress.

۱۸- أ. /نوستن/ <نوستن> : (ئه‌وان) نوست_ن <(ئه‌وان) نوستن.> ~ ده_نوس_ن <ده‌نوون>

ب. /بیستن/ <بیستن> : بیست_م. <بیستم> ~ ده_بیست_م <ده‌بیستم.> ~ <ده‌بیسم.>،

۱۹- أ. /بورانه‌وه/ <بورانه‌وه> : (ئه‌وان) بورانه‌وه <ئه‌وان بوورانه‌وه> ~ ده_بورێ_ن_ه‌وه <ده‌بورێنه‌وه>

۲۰- /نوسیین/ <نوسیین> : نوسیی_م <نوسییم.> ~ ده_نوس_م <ده‌نووسم>، /بینیین/ <بینیین> : بینیی_م <بینییم.> ~ ده_بین_م <ده‌بینم.>.

۲۱- /گروون/ : گروو_بوو_م <گرووبووم، ...>

به‌پێچه‌وانه‌وه، ئه‌گه‌ر مۆرفێمی تافی ناو ڕه‌گی کردار بڕگه‌یه‌کی گرژ بێت، ئه‌وا له فۆڕمه شکاوه‌که‌یدا خاو ده‌بێت، ئه‌گه‌ر بکه‌وێته بڕگه‌یه‌که‌وه، که هێزی له‌سه‌ر نه‌بێت (۲۱). بۆ دوورخستنه‌وه‌ی کاتی ڕوودانی کرداره‌که‌و دانانی له کاتێکی پێشتری کردارێکی تری ناو ڕسته‌که‌دا، بڕگه‌یی /بو/ ی یه‌کهه‌میش خاو به‌رجه‌سته ده‌کرێت (۲۲).

۲۲- أ) /بوون/ : بوو_بوو_م <بوبووم به مامۆستا، کاتێك ئێوه ده‌تانخوێند.>

ب) <ده‌مێك بو بووبووم به ماۆستاو که ئێوه هێشتا هه‌ر ده‌تانخوێند.>

## ۵- ئه‌نجام

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یشدا که بڕگه‌ییه خاو و گرژه‌کانی سه‌ره‌وه له چه‌شنی بڕگه‌ی کراوه و داخراودا ته‌واوکه‌رانه دابه‌شبوون، بڕگه‌ییه‌کان و هێز به جۆرێك به‌یه‌که‌وه‌دێن که بڕگه‌یی خاو هه‌میشه هێزی سه‌ره‌کی یان ناسه‌ره‌کی له‌سه‌ره: بڕگه‌ییه خاوه‌کان گۆڕینۆکن، واته له جێکه‌وته‌ی به بێ هێزدا گرژ ده‌رده‌که‌ون. بڕگه‌یی گرژ چه‌سپاو و نه‌گۆڕه. هێز له کاته‌گۆریه سه‌ره‌کییه فه‌رهه‌نگییه‌کاندا (ناو، ناوی کرداریی/ چاوگ، ئاوه‌ڵناو، ئاوه‌ڵکردار) له کۆتاییدایه. بڕگه‌ییه گرژه‌کان له بڕگه‌کانی ناوه‌وه و سه‌ره‌تای وشه‌کاندان. بڕگه‌ییه خاوه‌کانی سه‌ره‌وه ده‌شێت له وشه‌ی مۆرفۆلۆژییدا گرژ ببن. ته‌رزی هێزی کرداری بکه‌ردیار و بکه‌رنادیاری شکاوه وابه‌سته‌ی تافه (ڕابوردوو و ڕانه‌بوردوو). ته‌رزی هێزی ۳_۲_۱ یش بڕیارده‌ره. نووسینی ستانداردی کوردی فۆنیمییه و به‌نده به ده‌رکرده‌ی پێواژۆ فۆنۆلۆژیه‌کانه‌وه.

## سەرچاوەکان

**کوردی:**


مەحویی، محەمەد (٢٠٠١). *ڕستەسازیی کوردیی*. وەرگێڕدراو لە نامەی دکتۆراوە. زانکۆی سلێمانیی.

--- (٢٠٠٨). *فۆنەیتیك و فۆنۆلۆژیی*. بەرگی یەکهەم و دوهەم. زانکۆی سلێمانیی.

--- (٢٠٠٩). *مۆرفۆلۆژیی و تێکڵبونی پێکهاتەکان*. بەرگی یەکهەم. زانکۆی سلێمانیی.

مەحویی، محەمەد و نەرمیین عومەر (٢٠٠٥). *مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی*. شارەوانیی سلێمانیی. عێراق.

--- (٢٠١٦) *مەنامە (بەستانداردکردنی زمانی کوردیی: دروستنوسیین)*. سلێمانیی: چاپخانەی ئەندێشە.


**ئینگلیزی:**


Chomsky, N. (1980). *Rules and Representations*. Columbia.

Chomsky, N. (1982). *Lectures government and banding*. The Pisa lectures, Dordrecht

Kiparsky, P. (1981). *Explanation in phonology.* Dordrecht

Kiparsky, P. (1985). *Some Consequences of lexical Phonology*. Yearbook 2, 85-138.

Mayerthaler, W. (1974). *Einfuehrung in die generative Phonologie*. Tuebingen.